نەهیمان لێکراوە لە شوێنکەوتنی جەنازە، وزۆر جەختیشمان لەسەر نەکراوەتەوە

لە ئوم عەتیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «نەهیمان لێکراوە لە شوێنکەوتنی جەنازە، وزۆر جەختیشمان لەسەر نەکراوەتەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

ئوم عەتیەی ئەنساڕی -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لەوەی ئافرەتان شوێنی جەنازە بکەون، چونکە لەوەیە تووشی فیتنە بن یان بەهۆیانەوە خەڵکی تر تووشی فیتنە بن، هەروەها ئارامگرتنیان کەمە، پاشان ئوم عەتیە -ڕەزای خوای لێبێت- ڕایگەیاند کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- جەختی نەکردۆتەوە لە قەدەغە کردن وەکو جەختکردنەوەی لەسەر نەهی لێکراوەکانی تر.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3228